# هەڵوێستی مارکس لە ئایین

ئیبراهیم فەتاح

{ مارکس و هەڵوێست لەئایین} بابەتێکی کاك هادی مەحموده و، هەوێنی سێ وتاری وەڵامدانەوەی کاك سەلام عبداللەیە. سەرەتا دەمەوێت سوپاسێکی گەرمی کاك سەلام بکەم کەوا ئەو هەوڵە زۆرەی بۆ هێنانەوەی گەلێك بەڵگە لە قسەکانی مارکس لەبارەی ئایینەوە داوە ( کە سەراپا وێنەیەکی پێچەوانە لە بۆچوونەکانی کاك هادی لەبارەی هەڵوێستی مارکس نیشاندەدەن ) و، هەروەها رەنگە هەر بەهۆی ئەو وەڵامانەیشەوە بێت کە کاك هادی بابەتەکەی خۆی بۆ کوردستان نێت ناردبێت و ئێمەش توانیمان چاومان بەو نووسینە بکەوێت، منیش لێرەدا دەخوازم بەپێی توانای خۆم بەشدارییەك لەو مەسەلەیەدا بکەم.

سەرەتا پێموایە، کاك هادی لەنووسینەکەیدا بەهیچ شێوەیەك مەبەستی دەرخستنی هەڵوێستی زانستیانەی مارکس و ماتریالیزم نیە، بەڵکو گلەیی و گازندەیە لەو کەس و گروپانەی، بەبڕوای خۆی، ئەو میتۆدەیان تا ئاستی ( بابەتێکی کاری سیاسی رۆژانە) هێناوەتەخوارێ یاخود شێواندووە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هەوڵە لەژێر ناوی ماکسیستبووندا کرابێت، ئەوا رەنگە زیانێك لە رەوتەکەی کاك هادیش بدات بەوەی ئەوانیش هەروەها وەك مارکسیست ناسراون و، رەنگە کاردانەوەی رەوتە ئایینییەکان کاریگەری سلبی لەسەر کار و هەڵسوڕانی ئەمانیش لەنێو کۆمەڵدا بەجێبهێڵێت، بەتایبەتی کە لەماوەی پێشوودا هەمووﻻیەك چەپۆکی نەگریس و خوێناوی ئایینیان لە هەردوو شاڵاوی دڕندەئاسای ئەمریکا و دێی حەمەدا بە چاوی خۆیان دیوە. بەمانایەکی تر ئەم هەوڵەی کاك هادی نامەی بێبەریبوونی رەوتەکەی خۆیەتی لەهەر هەڵسوکەوتێکی لەو چەشنە لەبەردەم ئەو رەوتە ئایینیانەی بەو چەشنە لێکدانەوانە تەنگەجیقەڵان دەبن. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، نەهەڵوێستی ئەوانەیە کە بیروڕاکانی مارکس دەڵێنەوە و، تەنانەت نە هەڵوێستی رەوتە ئایینیەکانیشە، بەڵکو خودی هەڵوێستەکەی کاك هادی خۆیەتی، کە لەو نووسینەدا نەهاتووە هەڵوێستی راستەقینەی مارکس و ماتریالیزم سەبارەت بە ئایین بخاتە بەرچاو و دیدەی خوێنەران و، لەهەمان کاتیشدا نووسینەکەی بەهەڵوێستی مارکس نێوزەددەکات، کە لەراستیدا ئەو نووسینە تەنیا بۆچوونی کاك هادی خۆیەتی ( رەنگە هی حیزبەکەیشی بێت ). هەربۆیە ئەویش لەکۆتایی نووسینەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ نێو هەمان جوغزی داخراوی ( کاری سیاسی رۆژانە)، کە دەشێت بڵێین خۆی لەسەرەتای نووسینەکەیدا نەفرەتی لێدەکات.

پێشەکی دەمەوێت بۆ سەلماندنی ئەوەی کەوا لانی کەمی ئەو تێزانەی کاك سەلام وەك بەڵگە لە نووسینەکانی مارکس وەریگرتوون لای کاك هادی زانراون، ئاماژە بۆ چەند خاڵێك بکەم، یەکەم، ئەوەی خۆی ئەندامی نێو بزووتنەوەیەکە کە خۆی لەژێر پەرچەمی مارکسیزم، یاخود راستر کۆمۆنیزمدا، پێناسەدەکات،

کە ئەویش حیزبی شیوعی عێراق و کوردستانە، ئەمەیش هێندە بەسەر کادێرەکانیدا دەسەپێنێت کەلانی کەمی ئاگاییان لە بۆچوونەکانی مارکس سەبارەت بە ئایین هەبێت، هەروەها کاراکتەری نووسەری خودی کاک هادی، زێتر لە هەر ئەندامێکی ئاسایی ئەو حیزبە، ئەوە فەرزدەکات کە دەبێت زێتر ئاگایی لەو مەسەلانەدا هەبێت، هەروەها لەلایەنی سێیەمەوە خودی نووسینەکەی شاهیدی ئەوە دەدەن کە ئەو ئاگاییەی هەیە، ئەگەرچی لەسەرجەمی نووسینەکەدا هەوڵیداوە خۆی لەمەسەلەی هەڵوێستی ئاشکرا بەرامبەر بە ئایین بەدووربگرێت و، تارادەیەك بۆچوونێکی لاستیکی خستووەتەڕوو، کە نەئەوەیە لەگەڵ مارکس و دژی ئایین بێت، نەئەوەیشەلەگەڵ ئایین و دژی مارکس بێت، کە بەبۆچوونی من ئەم دووفاقییە کراوەیەی هەڵوێستەکەی زادەی جیاوازییەکانی نێوان ئامانجە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی فەلسەفەکە و پراکتیکە تاکتیکیەکانی سیاسەت و شیکردنەوەی میتۆدە بەپێی خواستەکانی هەمان کاری سیاسی ڕۆژانە( کە کاک هادی تەنیا لەیەك لاوە دژیەتی، لەوەی کەوا لایەنی تری دەرەوەی خۆیان بەکاری بهێنن): ئەو ئەگەر لەگەڵ ئایین و دژی مارکس بێت، ئەوا هەموو بانگەوازەکانی خۆی، وەك نووسەرێکی مارکسیست و، لەویشەوە سەرجەم بەرنامەی ڕەوتەکەی، بنەماکانی بوونی خۆیان لەژێر ئەو پەرچەمەدا لەکیسدەچێت، کە بێگومان لەم لایەنەوە گەلێك ڕێگری دێتە بەردەمیان، . . لەهەمان کاتیشدا ناتوانێت، یاخود نایەوێت بە ڕاشکاوی لەگەڵ مارکس و دژی ئایین بێت، ئەمیش بەهۆی پابەندبوون بە پراکتیکەکانی ئەو بزووتنەوەیەی دەیەوێت تەنیا وەك{بوون} بمێنێتەوە، نەك وەك بزووتنەوەیەك کە سەربەخۆیی پراکتیکی خۆی لە فەلسەفەکەیەوە وەربگرێت، بەدەر لەهەر پەیوەندییەکی حیزبایەتی.

کاك هادی دەڵێت: ( بەشێك لەیارانی ئەم فیکرە و ئەم پەیامە سیاسیە. . . . بە شێوەیەکی سادەیی ئەوتۆ مامەڵەیان لەگەڵ ئەم بیرەکردووە، کەزیاتر بۆ بەهەند و بەڵگەهێنانەوە، بۆ هەڵوێست و کاری سیاسی ڕۆژانە، بەکاریان هێناوە، زیاتر لەوەی وەکو میتۆدێکی مەعریفی و تێڕوانینێکی گشتی بۆ دەستنیشانکردنی یاسا گشتییەکانی گۆڕانکارییەکان و، لە ئاستی بوونیدا وەك شۆڕشێکی فەلسەفی مەزن). دڵنیام لەوەی وشە و ڕستەکان بۆخۆیان تەواو سادە وساکارن و، پێداویستی ڕوونکردنەوەی زێتریان نیە، کە ئەوە گلەییکردنێکە لەوانەی ئەو میتۆدەیان تا ئاستی هەڵوێست و کاری سیاسی ڕۆژانە هێناوەتە خوارێ یاخود شێواندووە، کە منیش لێرەدا، بەهەندێك خۆپارێزی و بەو چەشنەی خۆم درکی پێدەکەم، هاودونگی خۆمی لەگەڵدا رادەگەیەنم، بەڵام دەمێنێتەوە ئەوەی بزانین، کاك هادی کە ئەو گلەییەدەکات، ئاخۆ خۆی چۆن لەمەسەلەی ئاییندا مامەڵە لەگەڵ ئەو میتۆدەدا دەکات ؟.

سەرجەمی بۆچوونی میتۆدەکەی مارکس، لەنووسینەکەی ئەویشدا، هەر تەنیا و تەنیا لەکلاوڕۆژنەی یەك دەستەواژەی دابڕێنراوی کۆتایی پەڕەگرافێکەوە، وەك خۆی دەڵێت، دەخرێتەڕوو و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کەوەك دەڵێن ئەوە تەنیا دڵۆپێکە لە دەریا(ی ئەو میتۆدە) و، نموونە زۆرەکانی کاك سەلامیش، کە هێشتا ئەوانەیش هەمووی نین، گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن و، لانی کەم پێویستبوو کاك هادی ئەو سنوورە تەسکەی مامەڵەی هاوبیرانی پێشووی بەبەزاندایە و سیستەمی بۆچوونەکانی مارکسی لەو ڕووەوە

روونبکردایەتەوە. بەڵام ئایا بەڕاستی بۆچوونەکانی مارکس لەمەڕ ئایین لەو دەستەواژەیەوە دەسپێدەکات، یاخود ئەوە تەنیا دەربڕینێکە لەو بارەبەوە و، ئایا سەرچاوەی راستەقینە و راستەوخۆی بۆچوونەکانی مارکس لەوبارەیەوە لە کوێوە دەسپێدەکات ؟.

پێش هەموو شتێك دەڵێم، دەستەواژەی ( ئایین ئەفیونی گەلە )، کە کاك هادی هەوڵی داوە بیگەڕێنێتەوە بۆ پەڕەگرافە بنچینەییەکە و لەوێوە مامەڵە و خوێندنەوە نوێکەی رەوتەکەی خۆی سەبارەت بلێت، لە بنچینەدا دارشتنێکی فەیلەسووفی ئیماندارى ئەڵمانی ( ئەمانوێل کانت )ە، نەك هی مارکس. { کانت لە ( ئایین لە سنووری ئەقلی پەتی/پوختەدا )، ئەم دەربڕینە بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو دڵنەواییکردنەی قەشەکان دەیبەن بۆ ئەوانەی لەسەر پێخەفی مردنن، بەکاردەهێنێت. کانت کە سەرزەنشتیان دەکات، سەرزەنشتی ئەوەیان ناکات کەوا ئازاری خەڵکی هێور دەکەنەوە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە ئەوەی دەیکەن لە کاتی گونجاوی خۆیدا نیە. ترسی هەستپێکردنی مردنە کە دڵنەواییکردن پاساودەکات، نەك ئەشکەنجەی مەعنەوی، واتە دەرزیئاژنکردنی ویژدان ( ئاشکرایشە بەلای کانتەوە کەرامەتی مرۆڤ لە ویژدانیدایە )، دەڵێت : ( ئەوکاتە پێویستە ئەو ویژدانە ببزوێنرێت و پاکژبکرێتەوە. . . بەڵام بەم چەشنە و، لەبری ئەوە، ئەفیونی دەرخوارد بدرێت، ئەوە هەڵەیەکە لەئاست ئەم مرۆڤە و، ئەوانەی پاش ئەو دەمێننەوە. . . }( رەوشی ئایین لای مارکس و ئێنگڵس، نووسینی: مێشاڵ برتران، ل 38ـ 39 ). هەروەها خاتوو برتران لە ل 38 دا هەمان ئەو پەڕەگرافەی باسی لێوەدەکرێت دەهێنێتەوە کە کۆتاییەکەی دەڵێت: (ئایین ئاهونووزەی **مرۆڤی چەوساوەیە**، **هەڵاوی جیهانێکی بێبەزەییە**، **هەروەها رۆحی رەوشە کۆمەڵایەتییەکەیە**، **کە جێگایەکی بۆ رۆح** تێدا نیە. ئایین ئەفیونی گەلە). راستییەکەی ئەم دوو دێڕەی کۆتاییم بۆیە هێنایەوە، چونکە نووسەرەکەی یەکسەر دوای ئەوە دەڵێت:{ ئەم دەربڕینە بەناوبانگە (ئەفیونی گەل)، کەرەستەی گەلێك سەرنج لێدانن کە زۆربەیان، ئەمەیش لانی کەمی قسەکردنە دەربارەیان، تێنەگەیشتنێکی ناتەواو لەهزری مارکس دەردەخەن }و، هەروەها پاشتر دەڵێت : ( لەڕاستیدا ئەو دەربڕینە هەڵسەنگاندنێکی ستایشکارانەیە)، ئەم چەند دێڕەی خاتوو برتران لەوبارەیەوە، دەکاتەزێتر لە نیوەی بۆچوونەکانی کاك هادی، ئەگەرچی بەهیچ جۆرێك مەبەستم لەوەرگرتنێکی ناونەبراو نیە، بەلام لەهەمان کاتدا دەمەوێت ئەو راستییە بلێم کەوا ئەو بۆچوونەی هەردووکیان، هەروا بەو ساکارییە ناکاتە ئەوەی گوایە مارکس ستایشی ئایینی کردبێت، ئایین وەك ئەوەی سیستمێکی بیروڕای نەگۆڕی پیرۆز و ئاسمانی بێت. بەڵکو دەکرێت وەك رەخنەیەکی زۆر توند و تیژیش دابنرێت، کە بە تەواوی لە ئاستی میتۆدەکەی مارکسدا بێت. ئەو میتۆدەی مارکس، کە هەروەك کاك هادی دەڵێت، بێلایەنی خۆی نەشاردۆتەوە و، لە هەمان کاتیشدا و بەرلە هەموو شتێك، پرۆژەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە. مارکس لە هەمان سەرچاوەکەی کاك هادی خۆیدا دەڵێت : ( رەتکردنەوەی ئایین بەوپێیەی ئاسوودەییەکی وەهمی گەلە، بەمانای داواکردنی ئاسوودەییە راستەقینەکەیەتی. هەروەها داواکردنی ئەوەی گەل واز لە وەهمەکانی بهێنێت، بەمانای وازهێنان لەو رەوشەیە کە پێویستی بە وەهم هەیە. پاشان، رەخنەگرتن لە ئایین، لە بنچینەدا، واتە رەخنەگرتن لەم چۆمی فرمێسکەی کەوا ئایین پرشنگەکانی پێکدەهێنێت ـ ل39 ی رەوشی

ئـاین لای مـارکس و ئێـنگلس). بـەڵام ئـەوەی کـاك هـادی پێـیوایە ئـەو وتەیە وەك هێرشێك بۆ سەر بیروڕای ئایـینی تاکەکـەس، یاخـود ئـازادی تـاك لـە بـاوەڕی ئایینـیدا، بەکارهێنـرابێت، بەتایـبەت لەلایـەن ئـەو تاك و گـروپانەی گەیشـتوونەتە ئاسـتی کـاری کۆمەڵایەتـی، ئەمـەیان تاڕادەیـەك جێگەی گومانە نەك باوەڕپێکردن، بێگومان ئەگـەر پـڕوپاگەندەی لایەنـی بەرامـبەر بخەینەلاوە. . چونکە لایەنـی بەرامبەر یاخود دژ ئەوە هیچ شـتێکی بەرامبـەرەکەی قـبووڵ ناکـات، ئەگـینا ئەسـڵەن دژی نەدەبـوو. لەلایەکـی تریشـەوە خـودی وتەکەی مـارکس بـریتیە لە تەشبیهکردنی ئاین بە ئەفیون، بە هەموو ماناکانی ئەفیون. . . ئەگەر لەهەمان روانگەوەو بەمەبەسـتی روونکـردنەوە، گـرفتە کۆمەڵایەتیـیەکان لەبەرامـبەر ئـازار و ئەشـکەنجەو کێشـە دەروونـیە تاکەکەسییەکاندا دابنێین، ئەوسا دەتوانین باشتر لە دەلالەتی وتەکەی کانت و هەروەهایش مارکس تێبگەین، کاریگـەری و چارەسەری ئەفیون بۆ ئازار و ئەشکەنجە تاکەکەسییەکان هەر هێندەیە کە تاوەکو دواساتەکانی کاریگەریـی سـڕکاری و بێهۆشـکاری ئـەو ماتـریاڵە دەخایەنـێت و، تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم مرۆڤـەکە بێهۆش و بێـئاگا لەخـۆی دەکـات و هیچی تر، لەگەڵ تەواوبوونی کاریگەرییەکەیشی هەموو ئازار و ئەشکەنجەکان، وەك خـۆیان، دێـنەوە بەرچـاو و نێوجەسـتەی تاکەکـە، ئەمەلەگـەڵ ئـەوەی لەکاتـی بێهۆشییەکەیشـدا ئازارەکـان هـەروەك خـۆیان و لەجێـی خۆیاندا بوون، بەڵام بەکاریگەریی بێهۆشییەکە درکی پێناکرێت. . . هەمان شتیش بەرامـبەر ئـاین وەك خـۆی دووبارەدەبێـتەوە، ئـاین رەوشـی ئێسـتا وەك قەدەرێکـی نووسـراو و ویستی ئەو خولقێنـەرەی خـودی ئایینـەکە بـڕوای پێدەکات، ( وەك دەیشزانین تەواو بەقەد ژمارەی ئایینەکان هێندەیش خولقێنـەر یاخـود خـودا هـەن ) رادەگەیەنـێت و، هـەر نارەزاییەك بەرامـبەر باری ناجۆر و دژواری مرۆڤـەکان نارەزاییە بەرامـبەر ویسـتی خـوا ــ خولقێنەرەکە و، لەبری پەیمانـی چاککردن و باشکردنی بارە خراپەکە و گـۆڕینی بەژیانێکـی باشـترو ئاسـوودە، داوای ئـارام و ددان بەخۆداگـرتن لەبـەردەم ئەشـکەنجە خودایـیە ئاسمانـیەکاندا ــ کە خۆیان ئەشکەنجەی مرۆیی سەرزەمینین ــ لە تاکی باوەڕدار بەئایینەکە دەکات و، لەبری چـاککردنی ئایینـدەی ئـەم بـارەی ئێسـتایش و لەسەرزەمینیش، وادە و بەڵێنی دوراو بە تاڵی داوە ئایینیەکە لەسـبەینێی پـاش مـردندا بـە گوێـی ئەندامەکانـیدا دەدات، لـە جیهانـێکدا بـە نـێوی بەهەشـت کە لانی کەمی بەڵگـەی بوونی ئەو بەهەشتە لەهیچ ئەقڵ و لۆژیکێکدا، بێجگەلە پانتاییەکانی زەوتکردنی هۆشی داگیرکراو بە بنەماکانـی خـودی ئایینـەکە، نادۆزرێتەوە. . . لێرەوەیە کە رۆڵی ئاین لای مارکس بەتەواوی وەك رۆڵی ئەو تلیاکەیە کـە تاکەکـەس خـۆی پـێ بێهۆشدەکات، جائەگەر لە تلیاکدا کاریگەرییەکە تاکی و تاڕادەیەك تەسك مەودایـە، ئـەوا لـە ئاییـندا سـەرجەمی کـۆمەڵگا دەگرێتەوەو، مـەودای زیانەکانـی لەسـەر تەواوی کۆمەڵگایە. لەبەرئـەوەیش ماتریالیـزم و کۆمۆنیـزم و مـارکس کـە دژایەتـی ئـاین دەکـەن، وەك پـێکهاتە ئەفسـانەیی و هۆشـیارییە شـێواوەکەیە و لـە هیچ مانایەکدا دژایەتیکردنی خودی مرۆڤـی باوەڕدار بەم یاخود بەو ئاین نیە، بەڵکـو خەباتێکـی مرۆیـی باڵایـە بـۆ سەرفرازکردنی پانتاییە زەوتکراوەکانی هۆش و ئازادکردنی توانا و بەهرە مـرۆییەکانە لـە ( دڵنەواییکـردنە) درۆزنـە مـرۆ فـریودەرەکان، لەپێـناوی بەگەڕخستنی ئەو توانا و بەهرانە لە هـەوڵ و خەباتـی پێشخستنی مرۆڤـ و کۆمەڵگاکان و بەدیهێنانی زەمینەیەکی لەباری مرۆیی و ئازادی مرۆییدا

و وازهێنان لەو( ڕەوشەی پێویستی بە وەهمەکان هەیە). . . بەمانایەکی تر دژایەتیکردنی ئایین لەلایەن ماتریالیزمەوە بەتەواوی بریتیە لە تێکۆشانی جەسوورانە بۆ ڕزگارکردنی لە وەهمە وێناکراوەکانی نێو هۆشیارییە شێواوەکەی دەربارەی بوونی خۆی و ڕەوشەکەی. ئەوانەیش کە ئەم میتۆدە و خەبات و تێکۆشانەکەی بە دژایەتیکردنی هەستی مرۆیی مرۆڤەکان نێودەبەن، ئەوانە نەمارکسیست و نە کۆمۆنیستەکان و نە خودی ئەو خەباتەیش نیە، بەڵکو ئەو هێزە ڕەشانەی پارێزەر و درێژەپێدەری تەمەنی هەمان وەهم و هۆشیاری شێواون، ئەوانەن کە بەم هەوڵەیان کۆڵەکەکانی مەیسەربوونی بەرژەوەندییەکانیان مسۆگەردەکەن.

ئەگەرچی بەتەواوی پێموایە سەرچاوەی سەرەکی میتۆدی مارکس خودی فەلسەفە ماتریالیستییەکەیەتی، بەڵام پێشئەوە سەرنجی کاك هادی بۆ ئەم داڕشتنەی نێو( ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی) مارکس و ئێنگڵس رادەکێشم کە دەڵێت : ( جائەگەر بیویسترێت دەربارەی ( پێکهاتەیەك) ی ئایین قسەبکرێت، واتە دەربارەی بنچینەی ماتریالی ئەم ناپێکهاتەیە، ئەوا پێویستە نە لە پێکهاتە( کینونە) ی مرۆڤدا و، نەلە خەسڵەتەکانی خودا دا بۆی نەگەڕێین، بەڵکو لە جیهانی ماتریالیدا. لە هەر حاڵەتێکیدا پێش هەر قۆناخێك لە قۆناخەکانی گەشەکردنی ئایینیدا ). لێرەدا گەڕانەوەی مارکس بۆ جیهانە ماتریالییەکەی سەرهەڵدانی ئایین هەروا گەڕانەوەیەك نیە مەوداکانی کاری سیاسی ڕۆژانە یاخود ڕەملێدانێك بێت لەسەر ناپێکهاتەیی ئایین، واتە سەقامگیرنەبوونی ئایین لەئاستی گوتارێکی یەکگرتوودا، بەڵکو بەگەڕخستنی پاشخانە ماتریالیستیەکەیە لەلێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤدا، کە یەکێك لەو دیاردانە ئایینە. . . کە بەوپێیە پێویستە بۆهەر قسەکردنێك دەربارەی، متمانە بکرێتەسەر خوێندنەوەی ئەو جیهانە ماتریالییەی مرۆڤ ئەم یاخود ئەو ئایینی تێدا بەرهەمهێناوە، نەك متمانە بکرێتە سەر وێناکردنەکانی بەرهەمی خودی مرۆڤ لەوبارەیەوە. سەرچاوە و خاڵی دەسپێکردنی مارکس ماتریالیزمە، ئەوەی کەوا خوێندنەوەیەکی ماتریالی مێژوویی و دیالێکتیکی بۆ دیاردەکان هەیە و، لەبواری ئەوەوە تۆژینەوەکانی دەسپێدەکات، نەك لە بواری خەسڵەتە پێبەخشراوەکانەوە. لەبەرئەوەیشە مارکس بۆ تێگەیشتنی خۆی لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی، کە هۆشیاری ئایینی یەکێکە لەوانە. . بەڵام وەك مارکس دەڵێت لە حاڵەتە وەهمییەکەیدا، ڕوودەکاتە ئەو بوونە کۆمەڵایەتییەی ئەو هۆشیارییەی پێکهێناوە. لەم پرۆسەی گەڕانەیشدا ئەوەی بەلای مارکسەوە گرنگە دۆزینەوەی هەقیقەتی سەرهەڵدانی پێکهاتەکانە نەك خودی پێکهاتەکان، واتە بەلای ئەوەوە شتێك نیە تۆژینەوە و لێکدانەوەی بقە و تابۆبێت. مارکس لە لێکدانەوەی هۆشیاری ئایینیدا، لەهەمان سەرچاوەکەی کاك هادی دا، دەگاتەئەوەی کەوا: ( ئایین بریتیە لە هۆشیاری خود و، شعورکردن بەخود، لای ئەو مرۆڤەی هێشتا درکی خۆی نەکردووە، یاخود دووبارە خۆی ونکردووەتەوە) و لەبەرئەوەیش ( بوونی ئایین واتە بوونی شێواویەك). ئەم شێواویەش کەلە بوونی هۆشیارییەکی شێواو دا دەردەکەوێت مانای بوونی شێواویەك لە بوونە کۆمەڵایەتییە ماتریالیەکەدا رادەگەیەنێت و، بەردەوامی ئەم بوونە شێواوەیش، بەهەموو مانایەك، بەردەوامی هۆشیارییە شێواوەکەیش درێژە پێدەدات، کەواتە خوێندنەوە ماتریالیستییەکە لەیەك کاتدا دال و

مەدلولەکەی، هـۆ و ئەنجامەکـەی، لەجەوهــەرەوە، ئاشـکرا دەکـات و، لەبەرئـەوەیش مـارکس پێـیوایە ( رەتکردنەوەی ئـایین بـەو پێیەی ئاسوودەییەکی وەهمی گەلە، واتە داواکردنی ئاسوودەییەکی راستەقینەیە). لێرەوە ئەوەی کاك هادی دەڵێت: ( بۆیە مرۆڤـ ناچارە پەنادەباتە بەر ئایین، بۆئەوەی خەون بەژیانێکی پاك و جوان ببینێ، کـە خۆشـتربێ لـەو ژیانـەی تێیدایە)، بێئەوەی ئاماژە بـەوە بکـات کـە ئەو ناچارییە خۆی هۆشـیارییەکی شـێواوی زادەی بوونێکـی شـێواوە، بوونـێك، کەلەسـایەی هێزەکانـی خـوازیاری بەردەوامبوونیـیەوە، هەمیشـە و بـەردەوام هـەمان هۆشـیاری شـێواو لـە شـێوەهەرە ئاڵۆزەکانـی خـۆیدا بەرهەمدەهێنێتەوە. . . ئـەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، بوونـی ئـەو هۆشیارییە شێواوە نیە کەبەگەلێك جۆر تەقـەللای بەزیندوویی راگرتنی دەدرێت، بەڵکو ئەوەیـە کـاك هـادی لـە چـەقی رەوتێکی مارکسیستی و، بە زەرووری ماتریالیسـتییەوە، بێت لەژێر پەرچـەمی دەرخسـتنی مانـای یەکـێك لـە دەسـتەواژەکانەوە، (رۆڵـی هیوابەخشـین بـەدوارۆژ و، بەیەکسـانی و عەدالەتـێك کە مرۆڤـ خوازیارییەتی)بەو هۆشیارییە وەهمییە ئایینیە ببەخشـێت. لەبەرئەوەیشـە مەبەستێك کە کاك هادی لە کۆتایی نووسینەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات، شایستەی ئەوەیە :

1. ئـەو دەقـەی مـارکس بـە( ولاتقربوا الصلاە وانتم سکاری) بەراوردبکات و، لەگەڵ ئەو (هەندێك)ەی خۆی باسـیان دەکـات، ئــەو دەســتەواژەیە بــە(قســەی پــیرۆزی خــودا)ناوبــەرێت. ئـەو دێـرە قورئانیــیەی بەنمونەهێنـراوەتەوە( کەئـەو تەنیا بەمەبەسـتی روونکردنەوەی دابـڕینی بەشـێك لـەدەق هێناویەتەوە) خۆی باشـترین نمونەی هۆشـیاری شـێواوە، کـە باسکردنی ئەو دێڕە لەدوای چلەکانەوە و بەتایبەتی لە شەستەکان بـەدواوە و، پـاش سەرهەڵدانەوەی رووکردنە مەی خواردنەوە جارێکی تر زۆربەگەرمی هاتەوەئارا و، کەبەشێك لە مەیخۆران هەمان وتەیان بۆ پاساوی خواردنەوەکەیان بەکاردەهێنا، یەکەم بەوەی بوون و پێکهاتەی بوونی مرۆیـی بـە مـەی خواردنەوە و نەخواردنەوەی دەبەستێتەوە و، دووەمیش، بنچینەی قسەکە قۆناخی دووەم و پـێش کۆتایـی بنبەسـتبوونی تێگەیشـتنەکەیە، کەسـەرەتا ئـەم هۆشـیارییە شێواوە نەیدەتوانی، بەبێ هێزی ماتریالـی جـەنگاوەران، ململانێـی تەواوی هۆشیاری کۆمەڵایەتی پێش خۆی بکات، بۆیە لەو شێوە سازشکارە شـێواوەیدا گوزارشـتدەکات، بـەڵام کاتـێك هەرئـەو هۆشـیاییە شـێواوە دەبێـتە هێـزی کارا و بەدەسەڵات ئیتر قۆناخـی کۆتایـی، قۆناخـی تابۆکـردن، دەسـپێدەکات و، بوونـی مـرۆڤـ لەنـێو قاوغـی مـەی نەخـواردنەوەدا پێناسـەدەکات، هـەروەها هـەمان دەسـتەواژەیش ئێسـتا زۆر کـەمترو بەدەگمەن لەلایەن خودی رەوتەکەیەوە بەکاردەهێنـرێت، چـونکە ئـەو دێـڕەی قۆناخـی دووەم لەهـەمان کاتدا مانای تابۆنەبوونیشی تێدایە. جائەگەر کـاك هادی پێیوایە کەوا دابڕینی چەند وشەیەك لە پەرەگرافێك دەبێتە هۆی شێواندنی دەق، کەچی خۆی لە و نووسـینەدا، لەتـەواوی میـتۆدەکەی مارکسـدا، تەنیا بەدەوری سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئەو پەرەگرافەدا، بەپێـی بۆچـوونی خـۆی، دەسـوڕێتەوە کـە رەنگـە کەسـێکی نەشـارەزای میـتۆدەکەی مـارکس پێیوابێت ئەو میـتۆدە تەنـیا ئـەو پەرگـرافەی تێدابـێت بـۆیە ئەمـیش بەتەنـیا باسـی ئەوەدەکات. . . ئاخۆ ئەوەی ئەمیش دابـڕینی پەرەگـرافێك لـە میـتۆدێك نیە؟؟. . جائەگەر دابڕینەکەی ئەوانەی خۆی سەرزەنشتیان دەکات ببێتە

هۆی شێواندنی میتۆدەکە، ئەی ئایا ئەم کارەی خۆی دەبێتە هۆی چی ؟؟. یاخود راستر لەپێناوی چیدایە ؟؟. . . .

2. کاك هادی وەك تێکۆشەرێکی نێو رەوتەکەی خۆی دێت، بنچینە فکرییەکانی خۆیان، کە پێویستە ماتریالیستی گەشەپێدراوی بزوتنەوەی دژی سەرمایە بێت، لە پەیوەندییە ئۆرگانییە کۆمەلآیەتییەکانی دادەبڕێت( باگریمانی ئەوەیش دابنێین تەنیا لەمەسەلەی ئاییندایە) و دەیکات بەوەی کەوا ( ئەو هەلۆێستە بەرهەمی ئەزموونی ژیانی رۆشنبیرێکی رۆژئاواییە. . . لە کەلەپوور وبەهاکانی ئاینی جوو و مەسیحی. . . سەروەربووە. . . )، بەمانایەکی تر، یەکەم، مەرج نیە هەموو هەلۆێست و بۆچوونەکانی رۆشنبیر راست دەربچن، بەتایبەتیش هەلۆێستێکی بەرهەمی خۆرئاوایی بەسەر کۆمەلگایەکی خۆرهەلاتیدا، دووەم، لەبەرهەمان هۆیش، ناشێت هەمان بەرهەمی خۆرئاوایی گەڕەکی جوو و مەسیحیان بەسەر گەڕەکی ئێمەی ئیسلامیدا پیادەبکرێت، یاخود بواری پیادەبوونی بدرێت. لێرەدا پێویستە ئەوە بلێم : ئەگەر تاوەکو کۆتایی هەشتاکانیش کەسێك لە عێراقدا زمانی بسووتایە و دەربڕینێکی لەو چەشنەی لەدەم دەربچووایە، هەر رەوتەکەی کاك هادی تۆمەتی وردەبۆرژوایی و کۆنەپەرست و. شتی لەو چەشنەیان دەخستەپال. . . جائاخۆ ئەم دەربڕینەی کاك هادی هەروا قسەفڕێدانی بێسەرەو بەرەیە ( کەخۆم پێموانیە ئەوە بێت )، یاخود هەولدانێکە بۆ شێکردنەوەی میتۆد بەپێی خواستەکانی (کاری سیاسی رۆژانە)، واتە ئەوەی خۆی سەرزەنشتی دەکات ؟. . . ئەگەر ئەوەیش نەبێت، ئاخۆ تێکشکاندنی ئەوەی جاری جاران پێیدەوترا بەرنامەی رزگاری و ئازادی مرۆڤایەتی و، ئەو مارکسەی بە رابەر و مامۆستای کردەوەیی ئەو بزووتنەوەیە دادەنرا، بۆ ئاستی بەرهەم و رۆشنبیرێکی رۆژئاوایی لە پێناوی چیدایە ؟

3. کاك هادی میتۆدەکەی مارکس، لە میتۆدێکی دژی هۆشیاری شێواوەوە دەگۆرێت بۆ هەلۆێستی رۆشنبیرێکی رۆژئاوایی، لەبەرئەوە دەلێت ( مارکس دژ بەدەسەلاتی کەنیسە بوو. ئەو کەنیسەیەی کەوا دادگای تەفتیش و تەنووری ئاگری بۆ رووناکبیران ئامادە دەکرد)، بۆ ئەوەیش چەند نمونەیەکی زیندووی هێناوەتەوە، وەك ئەمانە : جۆردانۆ بردنۆ، گالیلۆ، دیکارت، سبینۆزا، بیکۆن و هۆبز، لەلای منیشەوە نمونەی ملوێنەهای مرۆڤی ناونووسنەکراوی نێو قەبالە مێژووییەکانی بۆ زێدەکەم، بەلام لەگەل ئەوەیشدا دەپرسم ئایا ئەوە تەنیا هەلۆێستی مارکس بوو بەرامبەر کەنیسە یاخود تێڕوانینی بوو لە کلاوڕۆژنەی میتۆدەکەیەوە بۆگشت هۆشیارییەکی شێواو. هەروەها، ئەگەر بەگریمانێکی تر، هەمان ئەو مارکسەی باسی دەکەین، ئەگەر ئێستا بژیایە و ئەو هەموو قوربانییە تاك تاك و کۆمەلێیانەی دەستی ئیسلامی گەڕەکی خۆمانی بدیایە ئاخۆ هەر هەمان میتۆد و هەلۆێستی دەبوو یاخود وەك گارودی، لە پێناوی مشتێك دۆلاری نەوتاویدا، دەبووە ئیسلام و هەروەك یوسف قەرەزاوی مەوعیزەو فەتوای دەدا و، یاخود، وەك خۆت وتەنی، هەر ( هەڕەشەی لە بەرژەوەندی چین و ناوەندە دەسەلاتدارەکان دەکرد )، ئەو چین و ناوەندانەی، مارکس پێیوابوو بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بۆ بەردەوامبوونی خۆیان، یەکێك لەو شتانەی متمانەی لەسەردەکەن بۆچوونی ئاینییە، واتە بەردەوامبوونی هۆشیاری شێواو.

4. تێزێکی نوێی نێو بابەتەکەی کاك هادی بریتییە لەدۆزینەوەی ( جیاوازی نێوان ڕۆڵی ئایین لە سەردەمی مارکسدا لەگەڵ ڕۆڵی ئایین لەم سەردەمەدا ) و، بەڕاستیش، هەر لەبواری تێزێکی لەم چەشنەوە، دەتوانێت بگات بەو دوا وەسف و بەرائەتەی لە کۆتایی نووسینەکەیدا ئاشکرای دەکات. لەم بارەیەوە، نووسەر، خۆی خستووەتەوە نێو هەمان هەڵوێستکی لاستیکییەوە و، مرۆڤ ناتوانێت بەتەواوی هەڵویستی ڕاستەقینەی ئەو لەو بارەیەوە بدۆزێتەوە. نووسەر بەئاشکرا پێی وایە ئایین لەسەردەمی مارکسدا ڕۆڵی خراپی گێڕاوە و لایەنی چەوسێنەرانی گرتووە بۆیە، بەنموونە کەسێکی وەك مارکس، ئەو هەڵوێستانەی هەبووە. نووسەر دەڵێت ( ئایین لەسەردەمی مارکسدا بەکاردەهێنرا بۆئەوەی خەڵکی دژ بە چەوسێنەران و، دژ بەکەنیسە، نەجەنگێن )، ئاخۆ نووسەر پێی وایە کەئایین لەسەردەمی خۆیدا بەکادەهێنرێت بۆ ئەوەی دژ بە چەوسێنەران و، کەنیسە یاخود مزگەوت خەباتبکرێت ؟ من بۆ خۆم شتی وام نەبیستووە و سوپاسی زۆری کاك هادی دەکەم ئاگادارییەکی لەوچەشنەم پێببەخشێت. . یاخود پێی وایە ئەو ئایینەی لەسەردەمی بەعسدا مەلاکان قسەکەری بوون و ڕۆژی پێنج جار لە بڵندگۆکانەوە تکاو نزای تەمەن و دەست و قاچ و باڵا و(. . . )و زمان و ڕۆکێت درێژیان بۆ سەرکردەی موسڵمانان و باوکی گەل دەکرد، یاخود ئەوانەی ئێستا لەکوردستان و بەتایبەتیش لەکاتی بەدیلی گیراندا ستایشی بێئەندازەی کۆمەڵگایەکی بێچارەنووسی ژێر ئەو چەترەی ڕەوتەکەی ئێوەیشی تێدادەژی، دەکەن، یاخود قەرەزاوی و نمونە زۆرەکانی وەك ئەوی نێو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و، قەشەکانی ئێرەو ئەوێ و پاپای فاتیکان ( نەك پاپای فیلم کارتۆن، کەئەو بەراستی، لەپێناوی خۆشەویستەکەیدا، خەباتدەکات) ی مەبەستە. . . . یاخود هەر بەڕاستی باندە مافیاییەکانی خاوەن کارەساتەکانی دوێنێی ئەمریکا و دێی حەمەی مەبەستە ( کە ئەم دوو باندە، دوای ساڵانێکی زۆری خامۆشی و دەرنەکەوتنی ئیمانداری ڕاستەقینەی نێو بازنەی ئەو ئایینە، لە ساڵی پاردا و لە دوو ئۆپراسیۆنی ناسراودا، گەورەترین و ڕاستگۆترین وەفاداریان بەرامبەر ئایینەکەیان نیشاندا و، لەهەمان کاتیشدا پرنسیپەکانی ئایینەکەیان لە گونجاوترین شێوەی بە کردەکردندا پیادەکرد و، ڕووی ڕاستەقینەی ئایینەکەیان، بەپێی دەقەکانی خۆیان، خستەڕوو). . ، یاخود ئەوانەی ڕۆژانە لەسەر شەقام وکوچەکانی شارە بێڕۆشناییەکانماندا کچان دەفڕێنن و دەیانکوژن و دواکەوتووترین شێوازی سوکایەتی بە تاکەکانی نێو کۆمەڵگا دەکەن. . . هەروەها ئەو بزوتنەوە مێژوویانەی نووسەر ناویان دەبات، وەك: قدری، جبری، معتزلە و ئەشاعرە، ئەمەویەکان و نەیارەکانی، ئەوا ئەوانە هیچیان بەمەبەستی ڕزگاری و ئازادبوون لەکۆتی هۆشیارییە شێواوەکە نەبوون، بەڵکو خۆیان ئەنجامی زۆرداری هۆشیارییە شێواوەکە ـ ئایینی زاڵ و دەسەڵاتداربوون و، لە هەمان کاتیشدا پەلکێشکردنی خەڵك بووە بۆ ژێر ڕەشماڵی هۆشیارییەکی شێواوتر، بەتایبەتی کە دەسەڵاتی ئیسلامی هەرگیز ڕێگەی بەبوونی تێفکرینێکی تری دەرەوەی خۆی نەداوە. . .

بەڵام هێشتا پرسیاری سەرەکی وەك خۆی ماوەتەوە، کە ئایا مەبەستی کاك هادی لەم هەموو پێچ و دەورەیە چییە و، کەوا کەسێکی وەك کاك سەلامی ناچاری ئەوە کردووە ژمارەیەکی زۆری دەربڕینەکانی مارکس، لای منەوە بەسوپاسەوە، لە دووبەشی نووسینێك و بەشەکانی ئایندەیدا کۆبکاتەوە ؟ و،

بەداخەوە، دڵنیاشم کەوا ئەو بەڵگە دیار و لاپەڕە ئاشکرایانەی کاک سەلام پێشکەشی دەکات، هیچ لە بۆچوونەکانی کاک هادی ناگۆڕێت، نەك لەبەرئەوەی گومانێکی لە کارەکەی کاک سەلام و سەرچاوەکانی هەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی هەوڵەکەی کاک هادی مەبەستێکی پراکتیکی سیاسییەو، یاخود وەك دەڵێن : ماناکە لەدڵی شاعیردایە. . .

هەرکەسێك کەمێك لەسەردێری ( مارکس و هەڵوێستی لە ئایین ) وردببێتەوە، پێیوایە ئەو بابەتە لێکۆڵینەوەیەك یاخود بەدواچوونێکی هەڵوێستی مارکس لەسەر ئایین و بنەما تیۆری و فەلسەفییەکەیەتی، بەڵام بەداخەوە کاک هادی نەك هەرئەوەی نەکردووە، بەڵکو ئەویش هەروەك ئەوانەی خۆی سەرزەنشتیان دەکات، لەبری سێ وشە، پەرەگرافێك و روونکردنەوەکانی خۆی دەکات بە دەسپێکی دەرخستنی هەڵوێستی خۆی و حیزبەکەی نەك لە هەموو ئایین بەگشتی، بەڵکو لە ئیسلام و بزووتنەوە سیاسیەکانی و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. . . ئەم مەبەستانەیشی بەکورتی، بەڵام بەڕاشکاوی، لە کۆتایی وتارەکەیدا بەم شێوەیە داڕشتووە :

1. لە مێژووی رەوتەکەی کاک هادی دا ( زۆرجار مامۆستای ئایینی هەبووە و لەریزی حزبدا کاری کردووە. جگە لەمەش تائێستا کەسانێکی زۆر هەن کە ئەرکە ئایینیەکان جێبەجێ دەکەن و، لەهەمان کاتدا تێکۆشەری راستەقینەن لەریزی حزبی شیوعیدا، چونکە شوێنەواری چینایەتی خۆیان دەزانن ). واتە ئەو کەسانەی شتی وایان نەزانیووە تکایە بابیزانن و، ئەوانەیش کە بە هەڵە دەیانەوێت لەبەرئەو هۆیە پایدۆزبکەن یاخود ناچنە ریزی حزبەوە ئەوە خراپ حاڵیبوونێکی خۆیانە لە هەڵوێستی راستەقینەی حزب.

2. ( لە مامەڵەکردن لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکاندا، ئەو مەسەلەیەی دەبێ بخرێتەڕوو، مەسەلەی ئیمان و باوەڕ یان مەسەلەی کفر و بێ باوەڕی نییە، چونکە مەبەست لەدامەزراندنی حزبی شیوعی و بوونی، ئەوە نییە کە تێکۆشان لەپێناو کفردا هەبێ، بەڵکو لەریزی حزبدا کەسانی دیندارو کەسانی بێ باوەڕیش هەن و، ئەمەش پێوەری هاتنە نێو ریزی حزب نییە )، تاکە شتێك سەبارەت بە برگەیەوە پێویست بێت بیڵێم ئەوەیە : ئەگەر کاک هادی ئەوەی تەنیا بۆ مامەڵەی ئەندامەکانی حزبی خۆیان نووسیووە و، من بە بەهەڵە خوێندبێتمەوە، ئەوا داوای لێبووردن دەکەم، چونکە بەڕاستی ئەو برگەیە تەنیا بۆنی دوو شتی لێدێت کە من هیچیان نیم : یاخود، وەك رێنمایی، بۆ ئەندامانی خۆیان نووسراوە تاوەکو پابەندی سیاسەتەکانی حزب بن، یاخود نامەیەکی کراوەیەبۆئەو حیزب و بزوتنەوە ئیسلامیانەی بۆچوونێکی تەواو هەڵە و ناقۆڵایان سەبارەت ئەمان پێگەیشتووە.

دواشت کەدەمەوێت بەکاك هادی بڵێم ئەوەیە : بڕوابکەن هەموو ئەوانەی کەمترین پەیوەندیان، نەك هەر بە چەپەوە، بەڵکو بە سەرەتاییترین بۆچوون و رۆشنبیری سیاسی و ئاگایی نێو ئەو کۆمەڵگایە هەبێت، بڕوا بەو بۆچوونەی ئەو رەوتەی ئێوەدەکەن، بەڵام ئەوانەی کەبەرێزتان ئەم نامەی بەرائەتانەیان بۆ دەنێرن ( بزوتنەوە ئسوڵییەکان بە کاڵ و تۆخیانەوە) بەداخەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا بڕواتان پێناکەن و، خۆیشتان دەزانن و دەبیستن چۆن و بەچ زاراوەیەك لە نامە نێوخۆییەکاندا، هەروەکو هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی

خۆیاندان نیوزەدتان دەکەن، ئەمەیان نەکاری بە ناو و نەبە ناوەڕۆکی ئێوە و ئەوانی تریشەوە نیە، هەموو مەسەلەکە لەوەدایە، ئەوانە ئەودیوی خۆیان قبوڵناکەن و، خوێندنەوەکانی بۆچوونی مارکسیزمی، بەتەنیا، تێدا تاوانبار نیە. لە هەمان کاتیشدا، ئەوەی بەڕێزتان دەتانەوێت، لە ژێرناوی شوعیبوونی خۆتاندا، مافی ئەوە بە خۆتان بدەن و، بەتایبەتیش لە پێناوی کاری سیاسی ڕۆژانەدا، ئا بەم چەشنە، نەك هەر لا رستەیەکی بچوك، بەڵکو سەرلەبەری میتۆدەکە بەپێی پەیوەندییە حیزبایەتییەکان بگۆڕن، ئەمەیان نە لە ئێوە چاوەڕوانکراوە و نە قبووڵیش دەکرێت، بۆ نمونەیش، بڕوانە وا کاك سەلام ئامادەیە لەو پێناوەدا، نەك هەر ئەو دەقە عەرەبیانەی، کەبەبڕوای بەڕێز فالح عبدالجبار، بریتیە لە چارەکی نووسینە وەرگێڕاوەکانی مارکس، بەڵکو بە سەرجەمی کارەکانی مارکسدا، بەزمانی ئەڵمانی، بچێتەوە و نموونەکانی بخاتەبەرچاو.

ئەگەر لەهەندێك جێدا زمانی دەربڕینەکەم، بەلاتانەوە، توندوتیژی پێوەدیارە، بمبوورن، بەڵام لەهەمان کاتدا، ئەگەر ئێوە دابڕینی سێ وشەی پەرەگرافێك هێندە بەلاتانەوە ناڕەوایە و بەمایەی شێواندنی دادەنێن، تکایە ئێوەیش بوار بەخۆتان مەدەن : لێکدانەوەی تایبەتی خۆتان بۆ هەمان پەرەگراف و گۆڕین و گونجاندنی لەگەڵ کاری سیاسی ڕۆژانەی خۆتاندا بەقیمەتی ڕوونکردنەوەی تەواوی هەمان میتۆد بخەنەڕوو. . بەڵکو ئەوەی خۆتان دەتانەوێت وەك خۆی بیخەنەڕوو. بێگومان هەرلایەکیش ئازادە لەوەی خۆی خوازیاریەتی. . .

لەگەڵ ڕێزمدا. . . . .

* * سوودم لەم کتێبە وەرگرتووە: ( وصعیە الدین عند مارکس و انجلز ــ نووسینی : میشال برتران، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: صلاح کامل، دار الفارابی، لبنان، 1990 )